# تەساموح و ديالۆگ:

# مرۆڤ بوون لەنێوان تەساموح و ديالۆگدا

## ئازاد قەزار: تەساموح پەيوەنديەكی پتەوی بەمێژووی ئیسلامەوە هەيە

ئا: فازل نەجیب

یەکەیان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا،مامەڵەکردنی رۆشنبیرە ئیسلامیەکان لەگەڵ چەمکی تەساموح و هەلومەرجی ئێستەی پەیڕەوانی ئاینەکان بۆ پێکەوەژیان،خسوسیاتی رۆشنبیری تاکی کورد لەگەڵ تەساموح و یەکترقبوڵ کردن،کارگەری باری شێواوی سایکۆلۆجی تاکی کورد لەسەر ماناو مەبەستەکانی تەساموح و دیالۆگ و زۆر تەوەرەی دیکە لەگەڵ نوسەرو توێژەر ئازاد قەزاز تاوتوێ کراوەو ئەویش کۆی وەڵامەکانی لەچوارچێوەی وتارێکدا دەربڕیوە کە لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە.

تەساموح ( تسامح) وشەیەکی عەرەبیە واتە رێگە پێدان، رەگەکەشی – سمح – یە. هەر ئەم وشەیە چەند مانایەکی تریش لە خۆی دەگرێ: وەك نەرمی نواندن یان ئاسانکاری، (سماحە) مانای بەخشین و بەخشیش دەدات.

تەساموح وشەیەکە لە ئەنجامی کردارێکەوە یان رووداوێکەوە سەریهەڵداوە کە پەیوەندی بە



ئازاد قەزاز

تەساموحی ئاینی و پێگەی لەناو ئیسلامدا وتایبەتیمەندییەکانی ئەو جۆرەی تەسامح، جیاکردنەوەی تەسامح لە دیالۆگ و مێژووی هەر

نەتەوەی عەرەبەوە هەیە. هەڵبەتە ئەم نەتەوەیەش بێ پەیوەندی نەبوون لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریاندا، بۆیە چەمکی تەسامح لە ئەنجامی کێشەیەکەوە هاتۆتە دی و واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە و گوێزراوەتەوە بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەکانی تر. گوێزانەوەی کاریگەری نەتەوەی عەرەب بۆ ناو نەتەوەکانی تر بێگومان لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە روویداوە. هەڵبەتە وشەی تەساموح کە دەبێتە چەمکێك و مانایەکی تایبەت بەو وشەیە دەدات پەیوەندیەکی ئۆرگانی بە کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە دەبێت و تا ئیستاش هەر بەردەوامە.

کەواتە تەساموح پەیوەندیەکی پتەوی بە مێژووی ئیسلامەوە هەیە، بۆ روونکردنەوەی ئەم چەمکە و پەرەسەندنی واتاکەی پێویست دەکات سەرهەڵدانی و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام بخرێتەروو. بۆیە پێویست دەکات لەم گۆشە نیگایەوە لەم چەمکە بڕوانین و لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاوڕێك لە ئیمڕۆش بدەینەوە کە بزانین ئەم چەمکە بە کوێ گەشتووەو لە بری ئەم چەمکە چیتر هاتۆتە کایەوە. چونکە مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە هاوشان لەگەڵ پرۆسەی سێکولاریزمدا زۆر چەمك و وشەیان گۆڕیوە و زۆریشیان ون کردوەو شتی تریان لە بری داناوە، نموونە لە بری تەسامح ئەمڕۆ دیالۆگ لە ئارادایە.

لێرەدا نامەوێ باسی ئیسلام بەشێوەیەکی سەردی لە کات و شوێن و رووداوەکان بکەم. نەخێر باس لە پرۆسەیەکی مێژوویی و بزاڤی رۆحی و فیکری ئەو مێژووە دەکەم و لەناو ئەو پرۆسەیەدا جەخت لەسەر چەمکی تەساموح دەکەمەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەم پرۆسەی مێژوویی کورد لە ناو


دیکارت

مێژووی ئیسلامدا رەچاو بکەم و بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك لە ژێر کاریگەری ئەو مێژووەدایە و تا کوێ چەمکی تەساموح لە ناو مێژووی کورد دا رەنگی داوەتەوە. هەروەها بە کورتی ئاوڕێك لە پرۆسەی مێژووی سێکولاریزم و پەیوەندی بە ئیسلامەوە لە دوێنێ و ئیمڕۆدا دەدەینەوە.

من لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەم کە لە روویەکی زانستیەوە فیکر و گوتارەکانی موحەمەد هەڵسەنگێنم و لە چوارچێوەی میتۆلۆژیادا ئایینی ئیسلام بخوێنمەوە. ئێمە لەم سەردەمەدا هەموو گەشتوینەتە ئەو ئاستەی کە بزانین گشت ئایینەکان بەرهەمی خوێندنەوەی مرۆڤە سەبارەت بەوەی بوون چۆنە و ژیان دەبێ چۆن بێت. بەڵکو دەمەوێ رۆحێك لەو رۆحانەی شەیدای حەقیقەتەو بە گوێرەی توانای خۆی لەو سەردەمەدا کە دەگاتە حەقیقەتێك وەك دیاردە بخەمەروو. واتە پرۆسەی گەشەکردنی ئەو رۆحە ئاشکرا بکەم کە لە هەموو کات و شوێنێکدا لەو جۆرە رۆحە چەکەرە دەکات و گوڵی خۆی دەنەخشێنێ. بێگومانیشم لەوەی ئەم رۆحە شەیدایە

پابەندە بەو کات و شوێنەی خۆیەوە. بۆیە زۆربەی ڕاڤەکردنی ئەو دیاردانە لەم سەردەمەدا دەکەوێتە چوارچێوەی میپۆلۆژیاوە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو ڕاڤە و تەفسیرانە نیە کە بۆی کراوە، هێندە بە لای منەوە گرنگە کە ئەو ڕۆحە ڕۆحێکی شەیدایە و دەگەڕێ و بێ ئۆقرەیە. هەوڵی من لێرەدا ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسە روحییە کە لە موحەمەدەوە سەرچاوە دەگرێ و نەتەوەی عەرەب بە هۆیەوە دەکەونە ناو ڕەوتی مێژووە وە. ئەم لێکدانەوەیەش ئەوە ناگەیەنێ کە من لێرەدا وەك شوێنکەوتوویەکی موحەمەد ببێژم بە پێچەوانەوە زۆربەی بیرو بۆچوونەکانی ئێستای من لەگەڵ بیروبۆچونی موحەمەد پێك نایەنەوە.

بەڵام بەستەمیشی دەزانم بە چاوێکی سوکەوە لەو مرۆڤە بڕوانین. چونکە بەڕاستی موحەمەد توانی زەمەنێك بۆ نەتەوەی عەرەب وەدی بهێنێت کە هەموو عەرەبێك دەبێ شانازی پێوە بکات. موحەمەد ڕۆحێکی شەیدا بوو و ئۆقرەی نەگرت و نەحەوایەوە تا خۆی بە دەستی خۆی لەو سەردەمەدا دروست کردو و زەمەنێکی تری بە ناوی ئیسلامەوە پێکهێنایەوە. لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەم ئەم پرۆسە ڕۆحی و دەروونیەی ناخی موحەمەد بخوێنمەوە.

بەڕاستی لە ئەمڕۆدا موحەمەد لە دوو لاوە ستەمی لێدەکرێ، لەلایەن موسوڵمانەکانەوە و لەلایەن ئەوانەشی کە بەناوی سیکولاریزمەوە دەدوێن. هەرچەندە من پێم وایە لای ئێمە هێشتا سیکولاریزم سەری هەڵنەداوە و ڕۆشنبیران بە ناهەق بە ناوییەوە قسە دەکەن.

موحەمەد لای موسوڵمانەکان بووەتە بتێك و لە نەستیاندا نیشتووە و دەیپەرستن. ئەوانی دیش موحەمەد لە هەستیاندا قوت بۆتەوە و سوکایەتی پێدەکەن. موحەمەدی نەستی موسوڵمانەکان و موحەمەدی هەستی بە ناو سیکولاریستەکان هەر یەك موحەمەدە و بەڵام بە دوو دیدی جیاوازی دژ بەیەك گوزارشی لێدەکەن. بۆیە ئەو دوو جۆر مرڤە هەمیشە دژ بەیەکتر دەوەستنەوە. لای هیچیان موحەمەد نەبوەتە ئەو مرۆڤەی کە ئاسایی لە ناو خەڵکدا بووە بەهەڵگری هەموو سیفاتە ئاساییەکانی مرۆڤە. جا ئیتر بۆیە هەردوولا ستەمی لێدەکەن. موحەمەد دەبێ بکرێتە مرۆڤێکی ئاسایی و ڕێزی وەك مرۆڤێکی جدی و دڵسۆز لێبگیرێت، لە چوارچێوەی کەلتوور و داب و نەریت و ئاستی هۆشیاری ئەو سەردەمەدا بخوێنرێتەوە. تەکلیفی لەسەروو توانای خۆیەوە لێنەکرێت کە ئێستا موسوڵمانەکان و بە ناو سیکولاریستەکانیش ئەو تەکلیفەی لێدەکەن.

**1**

لە مێژووی ئیسلامدا تەساموح بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت. قۆناغی سەرەتا واتە سەرهەڵدانی ئیسلام، قۆناغی بەهێزبوونی ئیسلام و قۆناغی بێ هێز بوون و شکستی ئیسلام. لە هەر قۆناغێك لەم قۆناغانە کۆمەڵگەی ئیسلامی خەسڵەتی تایبەت و جیاوازی خۆی وەردەگرێت. ئەمەش پەیوەندی بەو حاڵەتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە ئەو مێژووە تێی دەکەوێت.

دەتوانین بڵێین ئەم سێ حاڵەتە لە زۆربەی کۆمەڵ و گروپ و ڕێکخراوەکاندا لەسەرانسەری جیهاندا دووبارە دەبێتە وەو ڕۆژانە ئەم حاڵەتە لەلای تاك و ناو کۆمەڵیشدا دەبینینەوە. دەتوانین ئەم سێ حاڵەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە پێش ئیسلام و لە پاش ئیسلامیشدا بە نموونە بێنینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیسلام لای ئێمە ناسراوە و مێژوەکەش لای من وەك وەڵامدەری ئەم پرسیارانە ئاشکرایە، دەتوانم ئیسلام وەك نموونە بهێنمەوە.

جگە لەوەش  وشەی تەساموح وشەیەکی عەرەبیە لە مێژووی ئیسلامیشدا دەبێتە چەمکێك و مانایەکی تایبەتی وەردەگرێت لەگەڵ ئەمانە هەمووی موسوڵمانەکان لەم سەردەمەدا زۆر شانازی بەوەوە دەکەن کە ئیسلام ئایینێکی موتەسامحە. بۆیە هەروا باشترە کە مێژووی ئیسلام بکەمە نموونە. چونکە ئیسلام و نەتەوەی عەرەب پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە. نەتەوەی عەرەب لە ڕێگەی موحەمەدەوە ئیسلام بەرهەم دێنێت و پاشانیش دەبێتە ئایدۆلۆژیایەکی ئەو سەردەمە و نەتەوەکانی تریش گەر لە ڕێگەی ئاشتییەوە بێت یان لە ڕێگەی جەنگەوە بێت دەکەونە ژێرکاریگەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەوە.

لە سەرەتادا ئیسلام کە بە موحەمەد دەستپێدەکات، پێش هەموو شتێك خۆی دەبێت تەساموح لەنێوان ئەو کاتەی خۆی و رابردووی خۆیدا تەحقیق بکات، واتە موحەمەدێك کە رابردوویەکی دوور و درێژ و کەلتوورێکی ئایینی لە ناو مێژووی عەرەبدا هەڵگرتوە ئێستا ئەو گەیشتۆتە حاڵەتێك پێچەوانەی ئاراستەی ئەو مێژووە بوەتەوە. ئەم دوو حاڵەتە کە موحەمەدی رابردوو و درووستکراوی کەلتوور و داب و نەریتی ئەو کات و موحەمەدی هەنوکە کە هۆشیار بووەتەوە و نامۆیی رووی تێکردوە چۆن ئەم دوو حاڵەتە لەتەك یەکدا هەڵ دەکەن. دەبێت بە زۆرە ملێی  ئێستای خۆی لەگەڵ رابردووی خۆی مۆڵەت وەرگرێت و ئازادی خۆی وەرگرێتەوە. ئەگەر لێرەوە لە تەساموح بڕوانین تەساموح بە تەواوەتی حاڵەتێکی سایکۆلۆژیە و لە تاکێکدا رەنگ دەداتەوە، کاتێ موحەمەد ئەم قۆناغە یان ئەم حاڵەتە دەبرێت و خۆی ساغ دەکاتەوە هەست بە ئازادییەك دەکات و دەیەوێت ئەو ئازادییەی خۆی کە بەدەستی خۆی وەریگرتوە رایگەیەنێت. تا کو ئەو ساتەوەختە موحەمەد خۆی لەگەڵ خۆیدا لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی سەختدا ژیاوە.

کاتێك کە خۆی لەگەڵ خۆیدا یەکلا دەکاتەوە و موحەمەدی هەنوکە و ئێستە و ئەم ساتە وەختە لەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی کە گرفتی دەروونی بۆ خوڵقاندووە خۆی ئازاد دەکات، پەیامێکی بۆ دروست دەبێ. واتە موحەمەد هۆشیار بووەتەوە چونکە مرۆڤی هۆشیار خاوەن پەیامە و مرۆڤی هۆشیار بەوە بەختەوەر دەبێ کە مرۆڤەکانی تریش هۆشیار کاتەوە. ئەم هۆشیار بوونەوەیەش پرۆسەیەکە کە تێکۆشانێکی دەروونی و رۆحی بەردەوامی دەوێت. پرۆسەیەکە زۆر لەسەر خۆ و هێدی هێدی ئاراستەی ژیانی ئەو مرۆڤەی کە لە حاڵەتی هۆشیاربوونەوەدایە دەگۆڕێت لە حاڵەتی مەستی و مەنگی و وەستا ن و خەواڵویەوە  کەلە ئەنجامی کەڵەکەبوونی رووداوەکانی مێژوودا  لەو مرۆڤەدا بەرخود بووە دەیگوێزێتەوە بەرەو جوڵان و بزوان و لەخەو هەڵسان. ئەم گۆڕانە بە دوو ئاقاردا دەڕوات: هۆشیاربونەوەیەکی ئیدراکی و هۆشیاربوونەوەیەکی خۆناسینە. هەڵبەتە رادەی ئەم هۆشیار بونەوەیە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە تەساموحە کە ناوەرۆکی ئەم باسەیە.

ئێمە لەم باسەدا وشەی تەساموحمان بە رێگەپێدان  لێکدایەوە واتە لەلایەن کەسێکەوە یان لە لایەن کۆمەڵێکەوە یان دەسەڵاتێکەوە رێگە بدرێت بە کەسێکی تر یان کۆمەڵێکی تر کە مومارەسەی ژیانیان بە ئازادی بکەن.ئەم حاڵەتی

تەساموحەش دەشێ لە ناو تاکێکدا رووبدات چونکە ئەو کەسە کە دێتە دنیاوە دنیایە کەلتوور و داب و نەریت و ئایدۆلۆژیا کەلە کۆمەڵگەیەدا دەورەی داوە و لەگەڵ بەساڵاچووندا ئەم کەلتوور و ئایدۆلۆژیایە لەگەڵ هەموو ساتەکانی ژیانیدا هەڵیدەمژێ و کەسێتیەکی وای بۆ درووست دەکات کە بتوانێ جێگای خۆی لەو کۆمەڵگەیەدا بکاتەوە و ناسنامەی خۆی لەوێدا ببینێتەوە. لەو ساتەوەختەوە لەو چرکەساتەوە کە رۆشنایی هۆشیاربوونەوە ئەم دیوارە ئەستوورە کەڵەکە بووە دەروشێنێت و وردە وردە ئەو تیشکە لەو دیوارە ئەستورە دەخوات و دایدەخورێنێ ئەوا ئەو کەسە لە حاڵەتی هۆشیاربوونەوەدایە. لەوانەشە بەخودی خۆی نەزانێت تا ئەو ساتەی کە خۆی بەرەو رووی خۆی دەبێتەوە و ئیتر دەبێ بریارێکی چارەنووسساز بدات ئایا ئەو لە کوێدایە؟ ئەو کێیە؟ ئەو چی دەوێ ؟ ئاخۆ ئەو لەو کەلتووره کەڵەکە بووە بمێنێتەوە یان خۆی جارێکی تر خۆی دروست کاتەوە و کەلتوورێکی تر بێنێتە ئاراوە تا لەو زەمەنەدا کە ئەوی تێکەوتووە نەك ئەو کەلتوورەی ئەوی تیاهەڵکەوتووە ناسنامەیەکی تر پێکبێنێتەوە. لێرەدا ئەم پرۆسەیە کردارێکە کە خۆی رێگە بە خۆی دەدات مومارەسەی ژیانی خۆی وەك ئەو حاڵەتە بکات کە خۆی پێی قاییل بوە کە خۆی تێدادەبینێتەوە، کەخۆی هەست بەبوونی خۆی دەکات نەك لەسەرەوە را یان لە دەرەوە را بۆی دیاری کرابێت.

ئەم مرۆڤەی کە ئازادی لە خودی خۆیەوە وەرگرتۆتەوە ناسنامەیەکی بۆ دروست دەبێ جیایە لەو ناسنامەیەی کە لەو کۆمەڵگەکەیدا وەریگرتووە.ئەم مرۆڤە هۆشیارە بە ناسنامەیەکی نوێوە دەیەوێت ناسنامەی کۆمەڵگاکەشی بگۆڕێت. بە واتایەکی تر دەیەوێ کۆمەڵگاکەی رێگەی پێبدەن کە ئەو مومارەسەی ناسنامەی خۆی ئازادانە بکات دەتوانین بە جۆرێکی تر بڵێین خوازیاری رێگە پێدانە واتە تەسامح لە لایەن کۆمەڵگاکەیەوە. لێرەوە تەسامح لە حاڵەتی سایکۆلۆژیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ حاڵەتی سۆسیۆلۆژی واتە لە تاکێکەوە بۆ کۆمەڵگە.

لە حاڵەتی سایکۆلۆژی کە ئەو تاکە خۆی بە خۆیەوە خەریك بووە و ئەو کەلتوور و مێژووەی کە حاڵەتی دەروونی ئەوی پێکهێناوەو ئەم ئێستا بەرەنگاری دەبێتەوە و بەگژیدا دەچێتەوە _تەنها خۆی بە خۆی دەزانێ چی بەسەرهاتووە و چی لێ پێکهاتووە_ دەگوێزێتەوە بۆ حاڵەتێکی دەرەکی. واتە ململانێکە لە ناخی خۆیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی خۆی بۆ بەرەو رووبەرووبونەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا. لێرەوە ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە کە بە ناوی ئەو کەلتوور و مێژووە وە قسە دەکەن بەرەنگاری موحەمەد دەبنەوە کە ئەو خۆی ئەو کەلتوورەی لە ناخی خۆیدا تاوتوێکردووە و بەجێهێشتووە.

## 2

لێرەوە ئەو تەساموحەی موحەمەدی نوێ لە موحەمەدی رابردووی وەرگرت، ئێستا دەبێ ئەو لەو کەلتوور و داب و نەریت و کۆمەڵگایەی خۆی کە لە موحەمەدی رابردوودا رەنگی دەدایەوە وەرگرێتەوە. کێشەکە لێرەدا ئالۆز تر و سەخت ترە. چونکە مرۆڤ کاتێ لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ململانێ خودی خۆی دەناسێ و دەتوانێ بە ئاسانی متمانەلە نێوان (من)ی رابردووی خۆی و (من)ی ئێستای خۆیدا دامەزرێنێتەوە. داخۆ ئەو کەلتوور و کۆمەڵگەیەکە ئەو بەرەنگاریان دەبێتەوە چۆن بتوانن ئەو متمانەیە بە موحەمەد ببەخشن.

لە راستیدا ئەم کارە هەتا بڵێی سەختە.دەبێ موحەمەد چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات تا بتوانێ ئەوەی ئەو پێی گەیشتووە وەك راستیەك لەو سات و چرکەیەدا بیگەیێنێ؟ ئەم کارە بۆ موحەمەد کارێکی سانا و سادە نەبوو بەوە دەردەکەوێت کە ئەو بە بەردەوام لە بیرکردنەوە و رامانـدا بـووە و سـاڵانە مـانگی رەمـەزانی لـە ئەشـکەوتی حـەرادا بەسەربردووە، ئەم کارەی بەڵگەیە لەسەر ئەو حاڵەتە دەروونیـە سـەختەی موحەمەد. کـاتێ ئـارامی بـۆ دەگەڕێتەوە و یەقینێك لەناخی خۆیدا هەستپێدەکات کە بۆ ئەو سات و کاتە پڕ بە پێستی خۆی بوە وایلێکردوە کە سڵ لە هیچ نەکاتەوە تا ئەو نهێنیە بدرکێنێ. خۆشی دەزانێ ئەو درکاندنە مەترسی دارە بەڵام عـارف ئـەو حەقیقەتـەی کـە دەرکـی پێدەکات ئۆقرە ناگرێت گەر نەیگەیێنێت. بۆیە ژیان لای ئەو یەکسانە بەو درکاندنە هەر ئەوەشە وای لێدەکات کە بە مامی بڵێ گەر خۆر بخەنە سەرشانی چەپم و مـانگ بخەنـە سـەر شـانی راسـتم واز لـەو حەقیقەتە ناهێنم. جگە لەوەش کە سەرکردەکانی ئـەو کاتـەی قورەیش دەیانەوێ دەسـەڵاتی لەگەڵدا بەش بکەن و چیتری دەوێ لە موڵك وپارەو شتیتر ئـەو رەتـی دەکاتـەوە. چونکە موحەمـەد رۆحێکـی شۆڕشـگێرانەی هـەڵگرتبوو ئـەو دەیویـست ئـەو سیـستەمە کۆمەڵایـەتی و سیاسـیە بگۆڕێـت نـەك تـەنها دەسـەڵاتی وەك خێرێـك پێببەخـشن. چـونکە ئەوان بەو مەرجە ئەو شتانەی پێدەبەخشن کە واز لە پەیامەکەی بهێنێت.

لێرەوە جارێکی تر دەچینەوە لای تەسـاموح. ئەمجارەیان تەسامح دەبێ لە کەسانی دیاریکراو لە دەسـەڵاتدارانی قـورەیش وەربگرێـت. موحەمـەد دەیەوێ رێگە بەم رێبازە نوێیەی بدرێت، رێگە بۆ شـتێکی تـر بکەنـەوە کـە بـەوان نامۆیـە رێگـە بـە موحەمـەد بـدەن کـە وەك ئـەنتی بـاوان رەخنـەی جەرگبڕو لەڕەگ و ریشەوە لـەوان بگرێت. مـەزنترین رەخنـەی جـەرگبڕ کـە موحەمـەد بـۆ یەکـەم جـار پەیامەکەی پێ ئاشکرا کرد وشەی بخوێنە بوو بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو بخوێنەیە بوو کە لە ناو عەرەبـدا بـاو بـوو. بخوێنـەی موحەمـەد بـە نـاوی خوایەکـەوە بـوو بـە تـەواوی ئـەو خوایـە خوایـەکی تربوو و کە بەوان نامۆ بوو. لێرەدا وشـەی تەسامح دەبێ بچێتە دۆخی کردارەوە.

زۆرجار وشـەیەك زۆر بیـسراوەو نوسـراوە وەك وشـەی تەسـامح بـەڵام کەسـێك یـان رووداوێـك مانایـەکی تـری بـە بـەردا دەکات.هـەوڵی مـن لێرەدا ئەوەیە کە وشەی تەسامح لە حاڵـەتی سۆسیۆلۆژی و حاڵـەتی سـایکۆلۆژیدا بـەکاری بێـنم نـەوەك ئـەو تەسـامحەی رۆژانـە بـەکاردێ وەك ببـورە، داوای لێبوردن دەکەم، رێگەم پێبدە، رێگەت پێدەدەم هتد. ئەمانـە هیـچیان گـوزارش لـەو پرۆسـەیە ناکـەن کـە تەسامح بـە حاڵـەتی سـایکۆلۆژی و سۆسـیۆلۆژیدا تێدەپـەڕێت. تەسـامح لـە و دوو قۆناغـەدا خـاڵی وەرچـەرخانە بـۆ مرۆڤێـك کـە لـە حاڵـەتی هوشـیاربوونەوەدایە. ئـەم حاڵەتـە زۆرجـار لـەلای پەیامبـەران و فەیلەسـوفەکان و چـاکەخوازاندا بەدیـدەکرێت. خـاڵی وەرچـەرخانی گوێزانەوەیـە لـە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر.

### 3

پـاش ئـەوەی موحەمـەد قۆنـاغی سـایکۆلۆژی لەمەڕ تەساموح دەبڕێ قۆناغی سۆسیۆلۆژی دێتە پـێش. زۆر گرنگـە کـە موحەمـەد لـەو خودایـەوە دەست پێدەکات کە ئـەو کۆمەڵگەیـە خـۆی لەسـەر راگرتـووە. چونکە بە درێـژایی هـەزاران ساڵە باس کردنـی خـوا لـە نـاخ و نەسـتی مرۆڤایەتیـدا وا

نیشتووە کە پێکهاتەیەکی دەروونی و ئیدراکی تایبەتی بۆ پێکهێناون. ئەم پێکهاتەیەش وێنە و دیمەنێکی تایبەت بۆ ژیان و بوون و مان و نەمان دەنەخشێنێ. بە گوێرەی ئەو وێناندنەیە مرۆڤیش هەنگاو دەنێ و هەڵدەسوڕێ و پەیوەندی دروست دەکات و هەڵیشیدەوەشێنێتەوە و لە مرۆڤ و بوونەوەر دەڕوانێت. واتە جیهانبینیەك دەخوڵقێنێ کە مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێ خۆی لەسەر رابگرێت. گۆڕینی ئەو خودا ناسراوو ئاشنایە بە خودایەکی نامۆ و نەناسراو یانی گۆڕینی ئەوپێکهاتە دەروونی و ئیدراکییەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان. لێرەدا گەورەترین زەرەرمەند ئەو دەسەڵاتەیە کە بنکەی خۆی لەسەر ئەو خودایە دامەزراندووە و شەرعیەتی خۆی پێوەرگرتوە. ئەو دەسەڵاتەش سێکوچکەیەکە کە لە دەسەڵاتی سیاسی سەرکردەکانی قورەیش خۆی دەبینیەوە و دەسەڵاتی کەلتووری کە لەو کەلتوورەدا بەرجەستە بووبوو و گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەسەر راگرت بوو، هەروەها دەسەڵاتی ئایینی کە لە بت پەرست و پاسەوانەکانیان بەرجەست بووبوو پێکهاتبوو. بێگومان گۆڕینی خودایەك بەم چەشنە و گۆڕینی ژێرخان و سەرخانی ئەو کۆمەڵگایە بەرەو رووبوونەوەیەکی سەخت لەم چەشنە رێباز و مەعریفەیە چاوەڕوان دەکرێت. ئەم جۆرە تەرحە بۆ خوا هێندە نامۆ بوو بەو کۆمەڵگەیە لەسەرەتادا ئەو کۆمەڵگە هیچ گرنگیەکی پێ نەداو بە کارێکی سەیر و شێتانەی لە قەڵەم دەدا. وتەکانی موحەمەد ئەوەندە نامۆ بوو لە خۆیان نەدەپرسی باشە خۆ ئەم موحەمەدە هەر ئەو راستگۆ و دەستپاك و متمانە پێکراوە و ئاقڵە نیە کە دەمانناسی ؟ بۆ رێگەی پێ نادەین، بۆ خرایە ریزی شێتەکانەوە ؟ چونکە موحەمەد خۆی لەو ئایدۆلۆژیایە رزگار کردبوو کە نەتەوەی عەرەب لەو کاتدا تێوەی ئالأبوون. موحەمەد ئازادی خۆی بەدەستی خۆی لە ژێر چەپۆکی ئەو کەلتوورەی کە هەزاران ساڵ بوو عەرەبی گیرۆدە کرد بوو وەدیهێناوە. ئەو خاڵەش کە ئەو دەستی پێدەکات خاڵێکی تا بڵێی هەستیارە ئەویش خودایە. گۆڕانی خوا یانی بە تەواوەتی گۆڕانی مرۆڤ، گۆڕانی ناخی مرۆڤ، تا سەر ئێسقان، گۆڕانی هەست و نەست، گۆڕانی سۆز و ئیدراکی مرۆڤ. بێگومان گۆڕینی ئەم بنەما سەرەکیە گۆڕینی دەسەڵاتیشی بەدوادا دێت، بۆیە پێش هەموو کەس دەسەڵاتدارەکان بەرەو رووی موحەمەد بوونەوە کێشەکە هێشتا لەوەدایە موحەمەد توانی تەساموح بۆ خۆی لە خودی خۆی بسەنێ چۆن بتوانێ تەساموح لەو کەلتوور و دەسەڵاتە وەدەست بهێنێت.

ئەوە بوو ئەو ململانێیە کە موحەمەد لە نێوان خۆی و خودی خۆیدا هەیبوو و بەسەریدا زاڵ بوو. ئەو هەنوکە توانی موحەمەدی رابردوو قاییل بکات و سەماحی لێوە وەرگرێت. ئێستا ئەو ململانێیە لە نێوان ئەوو گەلەکەیدایە. دەبێ ئەویش گەلەکەی قاییل بکات کە ئەوەی پێیەتی لە خزمەتی ئەواندایە. بەڵام خۆ لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا نیە و ئەوانیش هەر وا بە ئاسانی و سادەیی دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە نابن. لێرەوە موحەمەد و هاوەڵانی دووچاری سوکایەتی پێکردن و ئازاردان دەبنەوە و ئەشکەنجەدەدرێن. موحەمەد هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەوان قاییل بکات ئەوانیش هەوڵی ئەوە ئەدەن کە موحەمەد بێدەنگ بکەن. بە تەئکید ئەوەی موحەمەد پێیەتی رەوشت و مەعریفەیە ئەوەی دەسەڵات پێیانە پاراستنی

دەسەڵات و بەرژەوەندی خۆیانە. ئەوەی مەحەمەد بانگەوازی بۆ ئەکات ساتی ئێستەی ئەوان بو ئەوەی ئەوان بانگەشەیان بۆ دەکرد رابردوو بوو. ئەوەی موحەمەد هەوڵی بۆ ئەدا بەرزکردنەوەی هۆشیاری ئەوان بوو لە لۆکالیەوە بۆ جیهانبینی ئەوەی ئەوانیش هەر زیاتر بۆ لۆکاڵی کردنی خۆیان بوو. موحەمەد دەیویست ناسنامەیەکی نوێ بۆ عەرەب وەدیبهێنێت، ئەوانیش هەر پێیان لەسەر ناسنامە کۆنەکە دادەگرتەوە. موحەمەد دەیویست ئاراستەی مێژووی عەرەب بگۆڕێ تا چیتر لەو جۆرە دەسەڵاتە دووبارە نەبێتەوە (هەرسێ دەسەڵاتەکە بێگومان). ئەوانیش دەیانویست هەمان ئاراستەی مێژوو بپارێزن تا نەوەکانیشیان هەر دەسەڵاتدار بن.

لێرەدا کێشەیەکی مەنهەجی بۆ موحەمەد دەخوڵقێ ئەویش ئەوەیە ئەو گۆڕانەی کە لای ئەو درووست بووە ئەو مەعریفەیەی لای ئەو گەلاڵە بووە ناتوانێ بە ئاسانی لە زەمینەی واقعدا بیچەسپێنێ چونکە ئەوەی لە خەیاڵداندایە جیایە لەوەی گەر بتەوێ لە زەمینەی واقعدا پراکتیزەی بکەیت. جاری وا هەیە لە پێناوی سەپاندنی مەبدەئێك دەشێ واز لە مەبدەئێکی تر بهێنی بۆیە مرۆڤی زەمینەی واقع و ژیانی رۆژانەی ناومرۆڤەکان ناتوانێ هەمان ئەومرۆڤە بێت کە ئەو مرۆڤە خۆی وێنای کردووە و نەخشەی بۆ کێشاوە. بۆیە هەندێ جار تناقض لە نێوان فکرەیەك بە گشتی و ژیانی رۆژانەی ئەو کەسە بەدی دەکرێ. چونکە زەمینەی واقع شتێك نیە لە بەردەستی تۆدا بێت و بتوانێ لە رۆژ و دوو رۆژێکدا بیگۆڕی، ئەم حاڵەتەش زۆر جار ناوی سیاسەتی لێدەنرێ و هەربەم ناوەشەوەیە کە سیاسەتمەدارەکان ئەم حاڵەتە بە تەواوی خراپ بەکاری دەهێنن. ئەوەی لەم قۆناغەدا دەتوانێ رۆلێکی بەرچاو بگێڕێت دەسەڵاتی سیاسی و ماددی نیە، بەڵکو رەوشت و مەعریفە و چەندێتی پێویستی ئەو کۆمەڵگەیە بەو کالا مەعریفی و کەلتوریەیە. سەرکەوتنی هەڵگری ئەو پەیامە لە رێگەی ئەو رەوشت و مەعریفەیە یە کە دەیگەیەنێ و دواتر دەسەڵاتی سیاسیش بە دوادا دێت.

ئەم ململانێ و کێشمە کێشە نزیکەی 23 ساڵی خایاند موحەمەد توانی زۆر شت بگۆڕێت و زۆر شتیشی بۆ نەگۆڕا. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ بوو گۆڕینی خودای بت پەرستان بوو بۆ خودای یەکتا پەرستان کە لەو سەردەمەدا باو بوو، پاشان دانانی دەستوورێك کە لە قورئاندا خۆی بینییەوە گرنگترین میکانیزم بوو بۆ ئەو شوێن و زەمەنە بۆ دیاریکردنی رەوت رەفتار و پەیوەندی تاکەکانی عەرەب پێکەوەو عەرەب بەنەتەوەکانی ترەوە. پێکهاتەی دەسەڵاتیشی گۆڕی و توانی هەموو هۆز و تیرەکانی عەرەبی لە ژێر ئایدۆلۆژیایەکدا کۆکاتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە موحەمەد توانیبێتی پراوپڕ پەیامەکەی بگەیەنێ و لە زەمینەی واقعدا کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی نموونەیی دامەزراند بێ، بەڵام ئەو دەروازەیەکی لەو کۆمەڵگا داخراوەدا کردەوە تا بە چەشنێکی تر پەیوەندی بە ژیان و بوون و گەردونەوە بکەنەوە. ئەم هەڵسانگاندنەی منیش بۆ ئەو زەمینە و کاتەی خۆیەتی نەك زەمینە و کاتی ئەمڕۆ، دەبێ موحەمەدیش بە پێوەری ئەو کات و زەمینەیەی خۆی هەڵسەنگێنرێ، بۆ نموونە ئەو نەیتوانی فرە ژنی لە کۆمەڵگایەدا هەڵگرێ بەڵکو دیاری کرد. نەیتوانی کۆیلایەتی بنەبڕ بکات بەڵام مەرجی زۆری

دانا تا ببێتە هۆی ئازاد کردنیان.ئەو لەو ماوەیەدا توانی هاوکێشە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بگۆڕێت، لەسەرو ئەمانەشەوە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و سیاسی وەهای بۆ فەراهەم هات کە سیفاتێکی کاریزمی پتەوی بۆ موحەمەد خوڵقاند گەشتۆتە ئەو رادەیەی لەم سەردەمەدا لە بری ناسینی دەپەرسترێ. ئەو کاریزمایەش وێناندنێکی خورافیانەی وای بۆ درووستکراوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی و ئەوانەشی کە باوەڕیان پێی نیە وەك مرۆڤێك سەیر نەکرێ.

**4**

لە کۆتاییدا کە موحەمەد توانی تەساموحی سۆسیۆلۆژس وەدەست بهێنێت ئیتر تەساموح لە حاڵەتی سۆسیۆلۆژیەوە گوێزرایەوە بۆ حاڵەتی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی. ئەگەر تا ئێستە ئەوان لاواز و بێ دەسەڵات بوو بوون و هەوڵیان داوە ڕێگەیان پێبدرێ تا مومارەسەی ژیانی خۆیان بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆیان بکەن، ئێستە وا ئەمان بوونەتە دەسەڵاتدار و دەبێ تەسامح لەگەڵ بیروباوەڕەکانی تردا بنوێنن.

تەسامح لێرەدا دەگاتە قۆناغێکی نوێ ئەویش ئەوەیە ئەو کۆمەڵە یان ئەو باوەڕەی تا ئێستا تێدەکۆشا بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدرێ وا ئێستا خۆی دەسەڵاتدارە و ڕێ و ڕێچکە بۆ باوەڕەکانی تر دادەنێ.

لە قورئاندا ئاماژە کراوە بۆئەوە کە ئایینەکانی تر مافی خۆیانە پەرستگای خۆیان هەبێ و سرووتی خۆیان جێبەجێ بکەن. پاشان ئەم یاسایە لە ناو شەریعەتی ئیسلامدا پەرە دەسەنێ و لە ناو فیقهدا چەمکی ئەهلی زمە دادەمەزرێت.

واتای ئەوەیە کە ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدان و دەبێ پاراستنی مافیان لە ئەستۆی ئەواندا بێت. دوو ئاماژە لێرەدا گرنگە:

1- لە ناو کتێب و پەڕاوەکاندا ئەم پەیوەندییەی موسوڵمان بە نا موسوڵمانەوە زۆر و زەبەندە و باسکراوە و پەرەی پێدراوە بەڵام لە زەمینەی واقعدا تا چەند جێبەجێکراوە ئەوەجێگای مشت و مڕەو توێژینەوەی تایبەتی دەوێ مێژویەکی هەزار و چوارسەد ساڵ لە یەك کات و لە یەك شوێن و وەکو یەك یاسایەکی وەك یاسای ئەهلی زمە جێبەجێنەکراوە.

2- لای موسوڵمانەکان جۆرێك لە هەستی خۆ بەگەورەتر بەرامبەر ناموسوڵمانەکان پەیدا بووە. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە موسوڵمانان هەرچۆن بن (مادەم موسوڵمانن!) هەر لەسەر ڕێی خوان و نا موسوڵمانەکان هەرچیش بکەن لەسەر ڕێگای خودا نین (کافر)ن و لە کۆتاییدا ئەمان بەهەشتین و ئەوانیش دۆزەخین!.

ئەم حاڵە دەروونیە کارێکی نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندی موسوڵمانان و ناموسوڵمان دروستکردوە، هەر ئەوەش کاریگەریەکی تەواوی لەسەر تەسامح بەرامبەر ئەوی دی کە ناموسوڵمانە هەبووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، هەرچەن ئەو بۆچوونە بە کردەوەش دەرنەکەوێ بەڵام لە نەستی هەموو موسوڵمانێکدا ئەو حاڵەتە زۆر بە پتەوی نیشتووە و کاریگەری لەسەر ئەوانەش بەجێهێشتووە کە خۆیان بە موسوڵمان نازانن و لە ناو خێزانی موسوڵمان و کۆمەڵگای موسوڵماندا گەورەبوون. هەر ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژییە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی (تسامح) ە و هەندێ جار دێتە

بەرهەست و کردەوەیەك یان وتارێکی بەرامبەر ناموسوڵمان پێی دەنوێنێ و هەندێ جاریش لە نەستدا خۆی مەلاس دەدات.

بۆ زیاتر روونکردنەوە باسی ئەوە بکەین ئەم بۆچوونە لە کوێ وە سەردەگرێ و تا چەند پەیوەندی بە ئیسلامەوە وەك تێکست هەیە ؟

ئاشکرایە لە قورئاندا تێکستی زۆر هەیە کە ئاماژە بەو بۆچوونە دەکات و بەهێزی دەکات. بەڵام ئێمە ئەگەر بێتوو ئەو تێکستانە لە کۆنتێکستی خۆیاندا دانێینەوە و بەو پێیە لێیان بڕوانین ئەوا خزمەتێکی باش بە مەسەلەی (تسامح ) و هەم بە مرۆڤایەتی و هەم بەو تێکستانەش دەکەین و هەم موسوڵمانەکانیش لەو گرێ دەروونیە ڕزگار دەکەین. چونکە گلۆلە خواردنی ئەو گرێیە بۆ ئەو مێژووە دوورە دەگەڕێتەوە بە شیکارکردنێکی دەروونی گەڕانەوە بۆ ئەوێ نەبێ هەرگیز ناکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە وەختێ موسوڵمانەکان لە مەککەدا بوون کە نزیکەی سیانزدە ساڵ دەخایەنێ – هێشتا لاواز بوون و لەسەرەتای دروستکردنی ناسنامەیەکی نوێدا بوون و داوای ڕێگە ( تسامح ) پێدانیان دەکرد ئەوەی ڕێگەی لێدەگرتن و ئازاریان دەدان ناوی ( کافر )یان لێنرا، ئەو ناوە نرا لە مرۆڤگەلێك کە کۆمەڵێك سیفات تیایاندا زەق بوو بۆوە، لەوانە:

ڕێگر –غیرمسامح – کەللەڕەق – عناد، جاحد – چەوسێنەر –ظالم –، هتد. بەمانایەکی تر وشەی کافر و وشەی موئمن ئاوەڵناوە ( سفە) ن، نەك ناو ( اسم علم). سیفەت حاڵەتێکی وەستاو نییە و هەتاهەتایە بە کەسێکەوە یان کۆمەڵێکەوە بنوسێنرێت ئیتر لێی نەبێتەوە. بەبەردەوام سیفەت لەگوێزرانەوەدایە. ئەم دووناوە لەوسەردەمەدا دووپێوەربوون بۆ چاکی و خراپی، دووپێوەربوون بۆ چەوسێنەر و چەوسێنراو دووپێوەربوون بۆ دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات دووپێوەربوون بۆ کۆمەڵێکی نوێخواز و کۆمەڵێکی کۆنخواز.

موسوڵمانەکان وا تێدەگەن کە وشەی مومن لە ئەزەلەوە وەك ناو لە موحەمەد و هاوەڵەکانی نراوە و ئەوانیتریش هەر لە ئەزەلەوە ناوی کافریان لێنراوە و ئیتر بڕاوەتەوە. ئەوە بۆچوونێکی تا بڵێی نازانستی و نامرۆییە و لەگەڵ مانای خوایەتیدا ناگونجێت. جگە لەوەش کە پێوەرەکانی ئیمڕۆ بۆ چاکی و خراپی بەتەواوەتی پێوەری ترن.

وشەی کافر لەگەڵ تێپەڕبونی کات ئەنجامێکی خراپی لە مێژووی ئیسلامدا خوڵقاندوە کە دواتر تیۆریستی لێ دروست بووە. پڕۆسەی مێژوو پڕۆسەیەکی دینامیکیە و وشەکان و مرۆڤەکان کار لەیەکتر دەکەن. لەگەڵ بەرزبوونەوەی رادەی هۆشیاری ئەو کارلێکردنە پۆزەتیڤانە دەبێت و لە ناهۆشیاریشدا ئەو کارلێکردنانە نێگەتیڤانە دەبێ لە بری ئەوەی بەرەو پێشیان بەرێت بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە.

## 5

مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامی مێژووی یەك جۆر دەسەڵات و یەك جۆرە سیستەمی حوکم نەبووە تا بتوانین کوێی ئەو مێژووە بە یەکجار و بەیەکچاو سەیر بکەین. مێژووی خەلافەتی ڕاشدین جیایە لە ئەمەوی و ئەمەویش جیایە لە عەبباسی و عوسمانی، هەروەها عوسمانی جیایە لە سەفەوی. ئایدۆلۆژیای شیعە جیایە لە سوننە. تاکە شتێك کە ئەمانە هەمووی کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە هەموویان باوەڕیان وایە کە ئایینی ئیسلام تاکە حەقیقەتی موتلەقە و دەتوانی بڵێیت کە هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە موحەمەد پەیامبەری خوایە و

قورئانیش سروشی خوایە. بەڵام لە ناوەڕۆکی ئەم دوو توخمەی ئیسلامدا ڕاڤە کردن و بۆچوونی جیاواز و بیر و بۆچوون زۆر و زەبەندەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەگەڵ ئەمانەدا ڕێبازی سۆفیگەری و فەلسەفی جیاواز و جۆراوجۆر سەری هەڵداوە و کارلێکردن و بەریەککەوتنێکی زۆر لە نێوان ئەو مەزهەب و ڕێبازانە لە لایەکەوە و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە روویداوە. بێگومان کە دیسان تەساموح دێتەوە بەرچاو و کە ئەو مەزهەب و ڕێبازانە لە کاتی دەسەڵاتدا تا چەن لەگەڵ یەکتر تەساموحیان نواندووە و تا چ ڕادەیەك ئەوەش ڕویداوە کە تەساموح نەمابێ و دیکتاتۆریەتی لە ئارادا بووبێ و هەندێ جاریش تەسامح لە نێوانیاندا ڕوویدابێ.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە ئیسلام داهێنەری چەمکی تەساموح نیە واتە پێش ئیسلامیش تەساموح لە نێوان بیروباوەڕەکاندا باس وخواسی هەبووە. واتە ئیسلام لە نەبوونەوە تەساموحی دانەهێناوە دەشێ پەرەی پێدابێ و یاسای تایبەتی بۆ دانا بێ بەڵام لە پێش ئیسلامدا وەك چەمکێك هەر بە کار هاتوە بۆ نمونە کۆرشی گەورە کە وڵاتی بابل داگیر دەکات ڕێگا دەدات بە ئایینە جیاوازەکان و ئازادی وەردەگرن لە جێبەجێکردنی سروت و دەربرینی باوەری خۆیان بە تایبەتی ئایینی جولەکە کەتا ئەو کاتەش لە ژێر دەسەڵاتی بابلیەکاندا دەچەوسێنرانەوە.

ئەم خوێندنەوەیە کە بۆ مێژووی ئیسلام ئەنجاممدا خوێندنەوەیەکی ئینتەر ئاکسی بوو واتە ئەو تاك و گرووپانەی پێکەوە کارلێکردن و بەریەککەوتنەدان و ئاراستەی مێژوو لەم کارلێکردن و بەریەککەوتنەدا دیاری دەکرێت. تا فەزای ئازادی لەم ئینتەرئاکسیەدا فراوانتر بێت ئەوا نیشانەی درووستیە و بە پێچەوانەشەوە نادرووستی یە.ئەم حاڵەتەش پەیوەندییەکی پتەوی بە تەساموحەوە هەیە.

گەرخوێنەری مێژووی ئیسلام سەرنج بدات دەزانێ کە فەزای ئازادی لە سەدەکانی دوا دوایی ئەم مێژووەدا ڕۆژ بە ڕۆژ تەسك تر و گچکە تر بووەتەوە. تاوەکو سەری لە دیکتاتۆریەتی عەرەب و فارس و تورك دەرهێنا و پاشانیش بەرەو تیرۆریستی سەری کێشا. لێرەدا دەتوانی بڵێی نەك تەسامح لە ئیسلامدا وەك چەمك نەما بەڵکو ئیسلام خۆشی وەك ئایدۆلۆژیا هیچ تێز و پێزێکی تێدا نەماوە بۆ ئەمڕۆ.

بێگومان ئێمە دەبێ لێرەدا ڕەوشت لە مەعریفە و دەسەڵات لەم ئایدۆلۆژیایەدا جیا بکەینەو. هەرچەندە ڕەوشت حاڵەتێکی ڕێژەیی هەیە و بە گوێرەی کات و شوێن و کەلتووریش دەگۆڕێ. بەڵام ڕەوشت بەو مانایەی کە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی لەگەڵ خۆی دێنێ ئەوە خوازیاری گشت مرۆڤێك و کۆمەڵگایەکی دروستە.هەر پەیامێك ئەم ڕەهەندەی لەخۆ نەگرتبێت ئەوا رەهەندی مەعریفە و ڕەهەندی دەسەڵاتەکەیشی درێژە ناخایەنێت ئیسلام دەشێ لە لایەنی ڕەوشتەوە گوڕ وتینی تێدا مابێ بەڵام وەك مەعریفە و دەسەڵات ئەو گڕ و تینەی بۆ ئیمڕۆ پێنەماوە. چونکە مەعریفەی ئەمڕۆ لە ڕووی جۆرەکیەوە جیایە لەو مەعریفەیەی کە ئیسلام و ئایینەکانی تر خۆیان لەسەر دامەزراندووە. مەعریفەی ئەم ڕۆژگارە مەعریفەیەکە سەروەری بەمرۆڤ دەدات و لەمرۆڤەوەیە نهێنی و ڕووداوەکان دەخوێنرێتەوە بەڵام مەعریفەی پێش مۆدیرنە مەعریفەیەك بوو سەروەری بە خودایەك یان بەهێزێکی نادیار دەدا.

## 6

ئیتر لێرەوە لەبری چەمکی تەساموح چەمکی دیالۆگ دێتە گۆڕێ. لەگەڵ سەردەمی مۆدێرنەدا دیالۆگ سەردەردێنێ و لە هەمان کاتدا پرۆسەی سیکۆلاریزم لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. مۆدێرنە کە بە دیکارت دەستپێدەکات دوو جیهانی جیاوازی دەخولقێنێ جیهانی سیکولاریزم و جیهانی ئایین. جیهانێک لەزەویەوە دەدوێ و جیهانێک لە ئاسمانەوە جیهانێک لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات و جیهانێک لە خواوە جیهانێک سنوورەکان دەبەزێنێ و شتێك نامێنێ خۆی لێنەدا و جیهانێک بە ناوی پیرۆزگەرایییەوە سنوور دەکێشێ جیهانێک مرۆڤ دەکاتە مەبەست و جیهانێك مرۆڤ دەکاتە ئامراز. دوو جۆر جیهان لە ڕووی جۆرەکیەوە بەتەواوەتی لەیەکتر جیاواز دەخولقێت. بێگومان ( تسامح ) یش یەکێکە لەو چەمکانەی بە گۆڕینی دیدگە و بۆچونەکان ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێ.

ئەم چەمکی بە مرۆڤ بوونەش لەو گووتەیەی دیکارتەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێ (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم). ئەو میتۆدەی ئەو دەیگرێتە بەر ئەوەیە کە لەپێشدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ پاشان باس لە خوا دەکات. بەڵام پاش ئەو لەسایەی فەلسەفەی مودێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا ئەم چەمکی بە مرۆڤ بوونە زیاتر پەرەدەسێنێت و کێشمە کێشی زۆری لەسەر دەکرێ تا دەگاتە ئەوەی مرۆڤ بوون ئەوەندە زەق دەکرێتەوە خوا ون دەکرێت و جاڕی مردنی لە لایەن نیچەوە دەدرێت. تا دەگاتە ئەوەی بە کاتیبوونی مرۆڤ لە لایەن هایدگەرەوە دەکرێتە سەرچاوە تا بتوانین لە هەمیشەیی بدوێین. لەپاش ئەمانیش لیڤیناس سەرهەڵدەدات کە شوێنەواری خواوەند لە ڕووخساری ئەوی بەرامبەردا ( مرۆڤەکەی دی ) دیاری دەکات.

بەم جۆرە نرخ و بەهای مرۆڤ هێندە بەرز دەبێتەوە کە نەك ئەوی دی ( مرۆڤ) بە من یەکسانە بەڵکو دەبێ من بە ئەوی دی یەکسان بم دێتە کایەوە. نەك من ڕێگە بەو بدەم دەبێ ئەوی دی ڕێگە بە من بدات کە لە ڕووخساری ئەوە وە شوێن پێی خواوەند هەڵگرم.

لێرەوە چەمکی تاکگەرایی زۆر بە سەنگەوە دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەوە تاك نرخ و بەهایەکی بەرز وەردەگرێت و ئەزموونی کەس دەکەوێتە نێو میتۆدەی زانستییەوە و بەهایەکی تایبەت وەردەگرێت. ئەزموونی ڕوحی کەسێك کە ناخرێتە چوارچێوەی ماتریالی و ناکرێ بەرجەستە بکرێ و بە پێوەرە زانستیەکان بپێورێت دەشێ لە نێوەندی زانستیدا جێگای بۆ بکرێتەوە. ولیەم جیمس وەك فەیلەسوفێکی دەروونناس گرنگیەکی زۆری بەم لایەنە دا و توانرا ئەزموونی سۆفیگەری ورۆحانی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا جێگایەکی بەرچاو وەرگرێت. مرۆڤ لەم سەردەمەدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە دەرەوەی دەزگا دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکاندا ناسراو بە ئایینیەکان وەك کەنیسە و پەرستگاکان خۆی بەو شێوەیەی دەیەوێت ڕەهەندی ڕۆحی خۆی تێربکات. مرۆڤ دەیەوێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئایینە تەقلیدیەکان سەربەخۆیانە باس لە خوا بکات و پەیڕەوی لایەنە ڕوحیەکانی خۆی بکات. لێرەوەیە کە تێرمی سیکولاریزم و پرۆلاریزم و دیموکراسی شان بە شانی یەکدی دەبوایە برۆشتنایە، لەم ڕێکردنەدا تەسامح و ئەم سێ تێرمە پێك نایەن و هاوکێشەکە شێوەیەکی تر وەردەگرێ، لە بری ئەوەی دەسەلاتێك بە پێی بەرژەوەندی خۆی یان بە خێری خۆی ڕێگە

به تۆ بدات ئەوا مرۆڤبوونی تۆ بەسە تا تۆش وەك ئەو بیت و یەكسان بن لەوەی كەتۆش و ئەویش پێكەوە مافی دیالۆگتان هەبێ. نەك یەكێكتان ڕێگە بەودی بدات. ئیتر ناتوانێ لەگەڵ سیكولاریزم و دیموكراسیەت و پرولاریزم باس لە تاكگەرایی نەكرێت و بەها و خۆزگەكانی لە پێناوی كۆمەڵدا ژێرپێ بخرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە بەرژەوەندی كۆمەڵگا بكرێتە قوربانی حەز و پێویستیەكانی تاك. چونكە لە كۆتاییدا كۆمەڵگە هەر لە ئەنجامی پەیوەندییەكی دینامیكی تاكەكانیەوە بەڕێوە دەچێت، دەبێ بە بەردەوام هەوڵی بالانسكردنی پێویستیەكانی تاك و بەرژەوەندیەكانی كۆمەڵگە بدرێت. دەنا ئەو كۆمەڵگەیە یان دەبێتە كۆمەڵگایەكی فەوزا یان دیكتاتۆری.

پاش ئەم بۆچوونە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی باسكردن لە هەر یاسا و سیستەمێك سەبارەت بە تەساموح لەم زەمەنەدا هیچ خزمەتێك بە مرۆڤایەتی ناكات چونكە مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەكانیەوە گەشەی كردووەو قۆناغی تەسامح و زۆر قۆناغی تریشی تێپەڕاندووە.

لەم لێكدانەیەوەدا دوو زەمەنی جیاواز خراوەتە ڕوو، زەمەنی تەسامح و زەمەنی دیالۆگ. تاسەرهەڵدانی مۆدیرنە زەمەن زەمەنی تەسامح بوو، بۆیە هەر ئایینێك یان هەر دەسەلاتێكی سیاسی ڕێگەی بە ئایینێك یان ئایدیایەك یان مەزهەبێكی تر بدایە ئەوا خزمەتێكی گەورەی بە مرۆڤایەتی دەكرد چونكە ئاستی بیركردنەوەی مرۆڤ لەو ئاستەدا بووە. بەڵام كاتێ زەمەنێكی تر دێت و سیستەمێكی تری پەیوەندیكردن كە گەشەسەندووتر و پەرەسەندوو تر و مرۆڤانەتر لە نێوان مرۆڤەكاندا دەخولقێنێ ئیتر پێی ناوێ جارێكی تر ڕابوورد و بجوینەوە و بە شان و باڵیدا بلێین.

7

**پێگەی كورد لەم دوو زەمەنەدا:**

وشەی كورد لەم ڕستەیەی سەرەوەدا مەبەست لە چەند كوردێك یان گروپێك یان سەركردەیەك نیە، هێندەی مەبەستم لەو بوونەوەرەیە كە مێژووی تەمەنی نزیكەی سێ هەزار ساڵێك دەبێت مەبەستم لەو مێژووەیە كە پرۆسەیەكی تایبەتی خۆی بەسەردا تێپەڕیوە، مەبەستم لەو مرۆڤگەلەیە كە ڕۆحێكی هاوبەشی خۆی هەیە ولەوێوە كەلتوور و بیركردنەوە و دیدی جیاوازی خۆی بۆ دروست بووە. مەبەستم ئەوەیە كە ئەم كوردە چ پێگەیەكی لەو دووزەمەنەدا نەخشاندووە؟

مەبەستم لە زەمەن چیە؟

لێرەدا مەبەستی من لە زەمەن زەمەنی سروشتی نیە.مەبەستم ئەو زەمەنە نیە كە لە ئەنجامی خولانەوەی مانگ و ئەستێرەكان و داهاتنی شەو ڕۆژ دروست دەبێ. ئەم زەمەنە سروشتییە لەو ڕۆژەوەی جوڵەی تێكەوتووە هەر وا بە سروشتی ماوەتەوە، ئەوە مرۆڤە كە ئەم زەمەنە بە كاتژمێر و خولەك و چركە دادەڕێژێتەوە بۆ پێوانەكردنی ڕووداوەكانی كە خۆی خولقێنەرێتی.

مەبەستی من لەو دووزەمەنە (زەمەنی تەساموح و دیالۆگ) ئەو زەمەنەیە كە مرۆڤ لە ناو زەمەنی سروشتیدا دایدەهێنێ. لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی ڕادەی هۆشیاری مرۆڤەكان و وەدیهێنانی ئەو دیاردە و ڕووداوانەی كە لە ناو ئەم پرۆسەی هۆشیاربوونەوەیەدا پەیدا دەبێت زەمەنێك دادەمەزرێت. لەو زەمەنەدا جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك سەرهەڵدەدات كە دەشێ لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژدا ببێتە ئایدۆلۆژیای باو و ڕفتار و هەڵسوكەوت و

بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤگەلە دیاری بکات کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەو ئایدیایە باوانی هەمان مرۆڤگەل و هەمان کۆمەڵگە دژایەتیان کردووە بەربەرەکانیان کردووە.

ئێمە هەندێك جار بە هەڵە لە ئایدۆلۆژیا دەڕوانین سەرەتای ئایدۆلۆژیایەك بە یەك چاو لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەخوێنینەوە. گشت ئایدۆلۆژیایەك لە سەرەتای سەر هەڵدانی جۆرێك لە ئامانج و ئامرازی لە خۆگرتووە کە لەو کاتەدا وەك پێویست ڕێکخراوە بۆ خزمەتی ئەو کۆمەڵگایە کەچی لە کۆتاییدا هەرچی ئامانج هەیە تێیدا نامێنێ و دەبێتە مەبەستگەرایی و مرۆڤەکانیش دەبنە ئامراز لە بری ئامانج.

زۆرجار خوێندنەوەی مێژووی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بە دوو جۆر خوێندنەوەی جیاواز دەخوێنرێتەوە: یەکەمیان تەنها خاڵی لاوازی کۆتایی دەبینێ و دووەمیان تەنها خاڵی بەهێزی سەرەتا دەبینێ.

زەمەنی تەسامح زەمەنێکە لە ناو ئایدۆلۆژیای ئایین دا سەریهەڵداوە و زەمەنی دیالۆگیش زەمەنێکە لەناو ئایدیۆلۆژیای سیکولاریزمدا خوڵقاوە.لە نێوەندی ئەو دوو زەمەنەدا کورد لەکوێدا بدۆزینەوە؟ تا چ ڕادەیەك بەشداری کردووە؟

مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم بەشەدا دۆزینەوەی پێگەی کوردە لە ناو پرۆسەی بە زەمەنکردن یان پرۆسەی بە ئایدۆلۆژیا کردن یان چاکتر بڵێین پرۆسەی بەخودکردن لە نێوەندی ڕووباری بە خوری مێژوودا، چونکە بابەتەکە لە تەساموح و دیالۆگ دەدوێ ئەوا ئێمە ناچارین کە لەمەڕ ئەو دوو زەمەنەدا جێگە و پێگەی شوێنەواری کورد هەڵگرین. ئایا کورد هیچ شوێنەوارێکی لەو دوو زەمەنەدا بە جێهێشتووە تا ئێمە بتوانین لە میانەی ئەو شوێن پێیانەدا ڕابردوو و داهاتووی کورد لە ئێستادا بخوێنینەوە؟

ئەگەر ئێمە ڕامان وا بێت کە تا سەردەمی مۆدێرنە ئایین تاکە ئایدۆلۆژیا بووە باڵی بەسەر مێژوودا کێشاوە وا دەبێت شوێن پێ و شوێنەواری بەشداری کورد لەو زەمەنەدا بدۆزینەوە کە ئایینەکان دروستیان کردووە یان چاکتر بڵێین پەیامبەران خوڵقاندویانە لە زەمەنی باڵادەستی ئەو ئایینانەدا تساموح و دیکتاتۆریش سەرەتاتکێی کردووە. لە کاتی گەشەکردنی ئایینێکی نوێدا کە هێشتا پەیامی ڕەوشتی و مەعریفەی عیرفانی تێدا تەڕو پاراو بووە لە گەڵیشیدا تەساموح هاوڕێ بووە، ئەو کاتەی ئەو ئایینە بۆتە ئایدۆلۆژیایەکی وشك و ئامراز بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات و مرۆڤەکانی بوونەتە قوربانی ئەو دەسەڵاتە ئەوە دیکتاتۆریەتە کە باڵادەست بووە.

کورد پێش ئیسلام کە ناوی کەوتبێتە ناو ناوانەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەدەی حەوتەمی پ.ز. ئەو مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەسەڵاتی حکومەتی میدیا تا ئێستەش ئەوە ساغ نەبووەتەوە کە کورد وەك نەتەوە حکومڕانی ڕاستەوخۆی میدیا بووبێ، بەڵام لەوە دەچێ کورد وەك تیرەیەك لەو حکومەتەدا بەشداریان هەبووبێ و بەڵام زیاتر لە حاڵەتی پاشکۆیدا (تبعیە ) بوون. هەربەهەمان شێوە کورد لە ناو حکومەتی ئەخمینیەکان کە باوانی ئێستای فارسەکانن لەحاڵەتی پاشکۆییدا بووبێتن. ئەو کاتەی ئەخمینیەکان باوەڕی زەردەشت وەردەگرن و

خۆیـانی پێکۆدەکەنـەوە و هێزێکـی مانـەوەیان بـۆ دروسـت دەکـات و پاشـانیش حکومـەتی میـدیا دەڕوخێنن، کوردیش هـەروەك لـە حکومـەتی میدیادا پاشکۆ بـوون، لـەم حکومەتەشدا ئاییـنی زەردەشـت وەك پاشـکۆیەك وەردەگـرن چـونکە ئەوسـا ئـاییـنی زەردەشـت بە هـۆی ئەخمینیەکانـەوە بـووە ئـاییـنێکی ڕەسمی دەوڵەت. دیارە سەرکردەکانی ئەوسای تیرەو خێڵـەکانی کـورد بـۆ پارسـتنی دەسـەڵاتی لۆکـاڵی خۆیـان ئەمـەیان کـردووە نـەك لـە پێنـاو وەرگـرتنی بیرێکـی نـوێی ئـەو سـات و کاتـە. بـەم پێیـە لـەم دوو زەمەنـەدا کـە یەکـەمیان میدیـەکان و دووەمیـان ئەخمینیـەکان هــۆی خوڵقانــدنی بــوون کــورد شوێنکەوتوو بوە نەك داهێنەر. واتە ڕووداوەکان بووە کە کوردی بە دوای خۆیدا ڕاکێشاوە. لەو کاتەی کە عـەرەبیش بـە هـۆی ئیسلامەوە زەمـەنی خۆیـان بـە دەستی خۆیان دروست دەکەن و دوا حکومەتی فارس کە بە سامانیەکان دەستپێدەکات و بە ساسانیەکان کۆتـایی دێـت دەڕووخێـنن چـونکە زەمـەنی ئـەمان نـاتوانێ خـۆی لەبـەر زەمـەنی عەرەبـدا بگرێـت، دیسـانەوە ئـەو زەمـەنی ئیسلامیش کـورد وەك پاشکۆیەك ڕاپێچ دەکات.

بۆچی دەڵێم کورد ڕاپێچ دەکات و ناڵێم فارس خۆ فارسیش شکستی هێنابوو؟. جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان پێکهاتەی دەروونی نەتەوەی فارس و نەتەوەی کوردا بـەدی دەکرێـت. بەڵگەشـم بـۆ ئـەم بۆچـوونەم ئەوەیە کە هەر دوای سەدساڵێك پاش دەسەڵاتداری ئیسلام فـارس دەتـوانن هەڵسنەوە و چالاکی خۆیـان دەست پێبکەنەوە. بۆ نموونە حکومەتی عەبباسیەکان لـە نـاو مێـژووی ئیسـلامدا کاریگەریـەکی زۆری فارسەکانی پێوە دیاربوو. جگە لەوەش فارس خۆیان لـە عـەرەبی سـوننە بـە مەزهـەبی شـیعە جیـاکردەوە چونکە زۆرینەی عەرەب سوننە مەزهەب بوون.خۆیان بۆ خۆیان ئیسلامێکی تریان دروستکرد و تەفسیر و ڕاڤەی تایبەت بە خۆیان تیادا چەسپاند. جگە لەوەش هـەرزوو کەوتنـە خۆیـان و کـەلتوور و زمـانی خۆیـان پاراسـت. بگـرە بـە هـۆی ئـەو ڕێبـازە عیرفـانی و فەلسەفییەی لە ناویاندا بووە کاریگەری خۆیان لەسەر نەتەوەکانی تردا دیار کرد بوو. بەڵام ئەوەی نەتەوەی کورد پێی بەناوبانگ دەبێ لەو مێژووەدا ئەوەیە کە کورد دەبێتە نەوەی جەنگاوەرێکی وەك سەللاحەدین نـەك ڕۆشـنبیرێك یـان عارفێـك. لێـرەدا جـەنگاوەرێتی کورد دەردەخات کە درێژکراوەی مێژووی کوردە کە کورد خـۆی لـە نـاو نـەوەی کـاوەی چەکوش بەدەست دەبینێتـەوە. هـەر ئـەم جـەنگاوەرە (سـەلاحەدین) بـۆ ڕازی کردنی مەلاکانی ناوچەی شام فەرمانی کوشتنی ڕۆشـنبیرێکی کـوردی وەك سـەهرەوەردی دەردەکـات. جیاوازییەکـەی نەتـەوەی فـارس و کـورد لێـرەدا دەردەکـەوێت تـا ئـەو کاتـەی فارسـەکان دەسـەڵاتدار بـوون کـورد لـەناو ئـەو دەسـەڵاتەدا پاشـکۆ بـووە و ڕۆحـی تەبەعیـەتی تێـدا خوڵقـاوە. کـاتێ کـە عـەرەب دەسەڵاتدار دەبـن بـە هـۆی ئیسلامەوە ئـەم تەبعیەتـە دەگوێزنـەوە بـۆ عـەرەب. کـە ئەمـەش لـە ڕەفتـاری سەلاحەدیندا دەرکـەوت. ئەو کاتەی کە تـورك دەبنـە دەسەڵاتدار شێخ مەحمود دەچێتە پاڵ تورك و کەچی عەرەب بەپاڵپشتی ئینگلیز حکومەتی خۆیان دژ بە تورك دادەمەزرێنن.

ئـەم جـۆرە خوێندنـەوەی بـۆ کـورد ئەنجامانـدا ئـەوە دەگەیـەنێت کـە کـورد تـا ئێسـتا نـە زەمـەنی تەسـاموحی دیـوە و نـە گەشـتۆتە زەمـەنی دیـالۆگ. مەبەسـتم لەوەیـە کـەکورد خـۆی بەدەسـتی خـۆی زەمـەنێکی درووسـت نـەکردووە تـا مرۆڤـی تـر پێویسـتی پێـی بێـت. هـەر ئـەوانیتربوون زەمـەنیان دامەزرانـدووە و کوردی تێکەوتووە. پێش ئیسلام و لەسەردەمی ئیسلامیش وپاش ئیسلامیش کورد هەر

پاشكۆی زەمەنەكان بووە. دەشێ هەندێ جار تەساموحیان لەگەڵدا بەكار هێنابێت بەڵام زۆربەی كات لەگەڵیدا دیكتاتۆر بوون. هەركاتێكیش سەركردەكانی كورد كە ترسی بێدەسەڵاتی لێنیشتبێ ئەوا جەنگێكی هەڵگیرساندووە بە پاڵپشتی بێگانەیەكی تر. لێرەوەیە گرفتی كورد دەست پێدەكات. كوردیش وەنەبێ خۆی هەستی بەم گرفتە نەكرد بێ بەڵام وایزانیوە بە بەرهەڵستی كردنی ڕاستەوخۆ و شەڕكردن و دژایەتی كردن دەتوانێ مافی خۆی وەرگرێتەوە. ئەو مافەش هێندەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە تۆزێك دەسەڵاتی دەسكەوێت هێندە لەوەدا خۆی نابینێتەوە كە نەتەوەیەك لە ناخەوە لەو ڕۆحی تەبەعیتەوە ڕزگار بكات. بەلای ئەو دەسەڵاتە خێڵەكیەوە ئەوە گرنگ نەبووە كە نەتەوەكەی لەژێر ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیەكی تردا بناڵێن هێندەی ئەوە بەلایەوە گرنگ بووە كە پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بكات. وەك وا بێت بە داهێنەری ئەو ئایدیۆلۆژیایە بڵێت دەسەڵات بۆ من و نەتەوەكەشم بۆتۆ. تەنانەت سەركردەكانی كورد لەمەسەلەی تەساموح لە ناو خۆشیدا گرفتی بووە، دەبینین زۆر جار لەبەر ڕازیكردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پاراستنی دەسەڵاتی لۆكالی خۆی زیانی بە مەسەلە سەرەكیەكەی مرۆڤەكانی خۆی گەیاندووە.تا ئێستەش سەكردەكان و دەسەڵاتی كوردی ئەم ڕێچكەیە دووبارە دەكەنەوە.لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە كورد نەك زەمەنی تەساموحی درووست نەكردووە بەڵكو بۆ ئەو زەمەنە ڕاپێچكراوە.

هەرچی زەمەنی دیالۆگیشە كە بەرهەمی سیكولاریزم و دیموكراسیە و تیایدا پرۆلاریزم پیادە دەكرێ ئەوە كورد دەبێ بە هیچ جۆرێك بە ناویەوە نەدوێ و نەبێتە گوتاربێژی دیموكراسی و دیالۆگ. چونكە ئەوانە پرۆسەیەكی دووروودرێژ و ڕۆچوون بە-خودی خۆدا- ی زۆر قولی دەوێ. كە تا هەنووكەش من لە كوردا ئەو ئامادەباشیە بەدی ناكەم.

زۆربەی زۆری ئەو ڕۆشنبیرە كوردانەی كە بە ناوی دیموكراسی و دیالۆگەوە دەدوێن لە ڕاستیدا تاوانێكی گەورە دەرهەق بەو دوو تێرمە دەكەن. هەندێك لەوان بەتەنها بیركردنەوەیان مۆدێرن و ڕووناك كردۆتەوە بەڵام ناخ و هەناویان و ڕەفتاریان بەر ئەو ڕۆشنگەریە نەكەوتوە و مۆدێرن نەبووە و ویژدانی ئەوانیش هەروەك ویژدانی سیسیەكان نە دیموكراتیزە بووە و نە سیكۆلاریستیش بووە. هەروەك بڵێی ڕۆشنبیریان بۆ دەسەڵات وویست بێت، هەركاتێ یەكێكی تر بیەوێت بەشدارییان بكات خێرا دەگەڕێنەوە بۆ تاریكستانی بێ ویژدانی خۆیان و دەچنەوە سەر ڕێڕەوی جەنگاوەرە كوردەكان.

***ئازاد قەزاز نوسەرو توێژەرێكی ئەكادیمیە ،بەكارلوێسی لە (سۆشیال پیداكۆگ –واتە كۆلیژی رەفتاروكۆمەڵگە ) هەیە ،جگەلەمەش بەكارلوێسی لە فەلسەفەی ئاینی بەراوردكاریدا بەدەستهێناوە لەولاتی هۆڵەندا،ئێستاش خوێندكاری ماستەرە لەزانستی كۆمەڵناسیداو سەرقاڵی نوسینی تێزی ماستەرەكەیەتی بەناوی ( پەیوەندی عەقلانیەت و وەحدانیەت لەچوارچێوەی عەلمانیەتدا)...**

**بەهیوایین ئەم دیدارەی وتەوێژێكی بەرفراوان لەنێوڕۆشنبیراندا دروست بكات،چونكە زۆرێك لەبۆچونەكانی شایستەی دیالۆگ و بەدواداچونن...**